# بەبنیادنانی کلتووری دژە گەندەڵی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی مسۆگەر دەبێت

**گەندەڵی مەترسییەکانی لەتیرۆر کەمتر نییە**

گەندەڵی وەك نەخۆشـــی ئایدز وایە پێویستە رووبـــەرووی بینەوە، چونکە تەشـــەنەکردنی ئەم دیاردەیە وا لـــە کۆمەڵگا دەکات توانای پەرەپێدان و چاکسازی نەمێنێت. ئەم دیاردەیە مەترســـییەکانی لەتیرۆر کەمتر نییە،پێشـــتر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارێکی زەحمەت بوو ئێســـتاکە لەتوانادا هەیە رووبەرووی ئەم کێشـــەو گرفتە گەورەیە ببینـــەوە، بەتایبەت دوای ئـــەو رێکەوتننامـــە نێودەوڵەتییەی کە بەمیســـاقی نەتەوەیەکگرتـــووەکان دادەنرێت بـــۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵـــی و زیاتر لە ١٤٠ وڵات مۆریانکـــردووەو چۆتـــە بواری جێبەجێکردنەوە، بەمەش توانراوە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی و ستراتیژییەتێك بۆ کۆنترۆڵکردن و دژایەتیکردنی گەندەڵی دابنرێت، لەئەوروپاو ئاســـیاش کۆمەڵێك بیروباوەڕو رێکەوتنامەی هاوشـــێوە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی دانراوە، نابێت ئەوەشـــمان لەیادبچێـــت کە کۆمەڵەی G٨کەهەریەك لە وڵاتانی (کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمانیا،ئیتاڵیا، ژاپۆن، رووسیا، بەریتانیـــا، ئەمەریـــکا) لـــەخـــۆدەگـــرێـــت دژایـــەتیـــکردنـــی گەندەڵییان لەریزبەندی پێشـــەوەی کارەکانیـــان داناوە،هەمـــوو ئـــەو رێکەوتنامەو میســـاقانەی نەتەوەیەکگرتووەکان فەزایەکـــی فـــراوان لەبـــەردەم هەوڵەکانـــی دژایەتیکردنی گەندەڵی داناوەو وڵاتەکان پابەند دەکات هاوکاری و یارمەتی تیمە نێودەوڵەتییەکان بکەن بـــۆ کەمکردنەوەی رێـــژەی گەندەڵی و ســـنووردارکردنی ئەم دیاردە مەترسیدارە،راستە زەحمەتە گەندەڵی بنبڕبکرێت بەڵام بەچەسپاندنی یاساو رێکخســـتنی سیستەمەکان واقیعێکی وا لەناو کۆمەڵگادا دروســـت دەکات کە کلتووری دژە گەندەڵی لێدەکەوێتـــەوەو بەرادەیەکی باش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی گەندەڵی.

گەندەڵی هەڕەشـــەیەکی ئاشـــکرایە بۆ ســـەر دیموکراتییەت و یاسا، لەم روانگەیەوە ئەو وڵات و هەرێمانەی بەگەندەڵی تێوەگلاون رووبەرووی ئەو واقیعە دەبنەوە کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری و یارمەتی حکومەتە گەندەڵەکانیان نادات و ئاستی وەبەرهێنانی بیانیش بەتەواوەتی روو لەکەمی دەکات.

گیرفانـــەکان پـــڕ لەپـــارە دەبێـــت، ئەمەش لەســـەر حســـابی تەندروســـتی و بونیادی ژێرخانی ئابووری و بیمـــەی کۆمەڵایەتی. رەنگە ئەمـــە جوانترین پێناســـە بێت بۆ ئەو حکومەتانـــەی بەگەندەڵییەوە تێوەگلاون کەوا لەدەســـەڵاتداران دەکات پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی پشـــتگوێ بخەن و، نیزامی دادوەری و یاســـاکانیش لە وڵاتدا متمانەیان نامێنێت، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کارێکی ئاســـان نییە بەڵام ئاستەمیش نییە، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئیرادەو بڕیـــاری بوێرانەی دەوێت، بەهاوشـــێوەی وڵاتێکی وەکو سەنگافورە کە بنبڕکردنـــی گەندەڵی ئەو وڵاتەی لەجیهانی ســـێیەمەو گواســـتەوە بـــۆ جیهانی یەکەم.

لەم باسەدا زیاتر ئاماژە بەگەندەڵی ئابووری دەکەیـــن و بەدوای ئەو رێگا چارەســـەرانە دەگەڕێین کە بەشـــێوەیەکی خێـــرا دەتوانرێت رێـــژەی گەندەڵییەکە کەم بکاتـــەوە، لەو بڕوایەداین ئەمە کارێکی زەحمەت



گەندەڵی شوێنەواری خراپی لەسەر گەشەکردنی دیموکراتی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لێدەکەوێتەوە

گەندەڵی هەڕەشەیەکی ئاشکرایە بۆ سەر دیموکراتییەت و یاسا

نییەو دەکرێت لەڕێگای داڕشتنەوەو چەسپاندنی یاساو هێنانە پێشەوەی رۆڵی میدیاو پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵگا بەسەر جەنگی گەندەڵیدا سەربکەوین هەروەکو چۆن بەسەر جەنگی تیرۆردا سەرکەوتین، ئەمە تەنیا ئیرادەو هێزێکی بوێری سیاسی دەوێت. گۆڕینی کلتووری گەندەڵی بۆ کولتوورێکی دژە گەندەڵی ئامانجی سەرەکی ئەم راپۆرتەیە، چونکە ئەزموونی حوکمڕانە باشەکان و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان ئەو راستییەیان دەرخستووە کە باشترین ئومێد بۆ سەرکەوتن بەسەر جەنگی گەندەڵیدا پابەندبوونی بەردەواممانە بۆ بەهاکانی حوکمڕانی باش و کرانەوەو بەڕێوەبردنی حوکمێکی دادپەروەرو یاسایی، لەمبارەیەوە (کوندۆلیزا رایسی) وەزیری دەرەوەی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڵێت:( هەموو پیاوو ئافرەت و منداڵێك ئەو مافەیان هەیە بەبەرزترین ئاست و بەنەزیهی حوکمڕانی بکرێن تاوەکو تەواوی توانا شاردراوەکانیان دەرکەوێت ..)، لەم روانگەیەوە حوکمڕانی باش و دژایەتیکردنی گەندەڵی زامنی بونیاتنانی دوارۆژێکی باشترە.

### گەندەڵی سنوورەکانی بەزاندووەو بووەتە کولتوورێکی شاراوە

گەندەڵی لەزۆر شوێن و کۆمەڵگای جیهان تەشەنەی کردووە، لەکێشەو گرفتێکی نێوخۆییەوە بووەتە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی و سنوورەکانی بەزاندووەو شوێنەواری خراپی لەسەر گەشەکردنی دیموکراتی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوەکو کولتوورێکی شاراوەو دەزگایەکی ناشەرعی رۆڵی لەفراوانبوونی گەندەڵییەکان هەبووە، کە زۆر لەتاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانەی بەرەو خراپ بەکارهێنانی پۆست و نفووزو مەحسوبییەت و بەفیڕۆدانی دارایی گشتی بردووە.

راستە دیاردەی گەندەڵی نەگەیشتۆتە رادەیەکی مەترسیدار لەهەرێمی کوردستان دا، بەڵام گەربێتوو ویست و هەڵوێست بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەبێت، ئەوا گەندەڵی لەکوردستاندا مەترسی هەڵکشانی لێدەکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ نەبوونی شەفافییەت و لاوازی یاسا، چونکە کاتێك یاسا لاواز دەبێت ئابووریش روو لەخراپی دەکات و دیاردەی گەندەڵی بچووك و گەورەی لێدەکەوێتەوە. بۆ قسەکردن سەبارەت بەگەندەڵی ئابووری و مەترسییەکانی تەشەنەکردنی گەندەڵی و چۆنیەتی دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی و تەحەددا کردن و رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەو گۆڕینی کلتووری گەندەڵی بۆ کلتووری دژە گەندەڵی . بە پێویستمانزانی



**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر خەلیل غازی پسپۆرو شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری:**

# بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی کە پێوەرەکانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێویستە

چەند پرسیارێك ئاراستەی شارەزایانی ئابووری بکەین سەرەتا بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر خەلیل غازی پسپۆرو شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری لەزانکۆی دهۆك بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:( بوونی گەندەڵی بەشێوەیەکی فراوان لەحکومەتی ناوەندی بەغدا بارودۆخەکەی عێراقی بەگشتی ئاڵۆزکردووە، هەندێك زانیاری و داتا ئاماژە بەوە دەکات بەرێژەی لە٥٣٪ی بوودجەی وەزارەتەکانی ئەو حکومەتە بەگەندەڵی بەهەدەردەچێت، بۆنموونە لەوەزارەتی کارەبا لە١٣٪و وەزارەتی پێترۆل لە٧٪و بەمشێوەیە بودجەی ئەو وەزارەتە بە گەندەڵی بەفیڕۆچووە، بۆیە لەدوا راگەیاندراوی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندار بەشەفافییەتی نێودەوڵەتی کە تایبەت بەتەشەنەکردنی گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەت بڵاوکرایەوە عێراق بەسێیەمین وڵات دوای سۆماڵ و میانمار ناوی لەگەندەڵیدا هاتووە، بەشێوەیەکی گشتی فەساد توانایەکی باشی دارایی و مرۆیی وڵات بەفیڕۆ دەدات، بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی وا کە پێوەرەکانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێویستە.دواتربوونی پێوەرەکانی کارگێڕی و جێبەجێکردنی بنەمای پاداشت و سزاو دۆزینەوەی میکانیزمی لەبار لە کەرتی تایبەت و گشتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەبێتە داواکارییەکی سەرەکی و مەرجێك بۆ کەمکردنەوەی رێژەی گەندەڵی .

دکتۆر خەلیل غازی پێی وایە ئەمڕۆ تەحەددایەك لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دامودەزگا ناسراوە پێوەندارەکان هەیە تاوەکو لە ڕێگای دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاوو زانستی رووبەرووی گەندەڵی ببینەوە بۆ نموونە چەندین رێککەوتنامەو بەڵێن و پێوەری نێودەوڵەتی جۆراوجۆر هەیە، پرۆسەی لێپێچینەوەو دواکەوتنی پرۆسەی سپیکردنەوەی پارەش دەستی پێکردووەو رێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانیش لە پێشەنگی ئەو رێکخراوانە دێن، کە لەم بوارە رۆڵ و جێگا پەنجەیان دیارە.

دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەهەرێمی کوردستان ئەو قەناعەتەیان لەلا دروستبووە، کە لەناوەندەکانی ئابووری و بوارەکانی وەبەرهێنان گەندەڵی تەشەنەی کردووە، دواخستنی کاری بیزنسکارو وەبەرهێنان و بوونی نادادپەروەری لەمبوارەدا نیشانەیەکی زەقی بوونی گەندەڵییە، بۆیە پێویست بەوە دەکات هەنگاوی پراکتیکی و بوێربنرێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی وەبەرهێنان و ژینگەی وەبەرهێنان.

### میدیا ئەو سیحرەیە کە رووبەرووی گەندەڵی دەبێتەوە

لەجیهانی ئەمڕۆدا راستە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تەشریعات و یاسای جۆراوجۆر دەرچووە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و هاوکاریکردنی حکوماتەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە، بەڵام بێ دانانی سیستەمێکی تووندی چاودێری و چەسپاندنی یاسا و پێگەیاندنی ئاستی هۆشیاری مومکین نییە بتوانین بەسەر کێشەی گەندەڵی زاڵ بین، چونکە چارەسەرکردنی گەندەڵی پێوەندی بەئاستی هۆشیاری و ئایین و دابونەریتیشەوە هەیە، تەنانەت تەشەنەکردنی گەندەڵی پێوەندی بەنەمانی شەفافییەتەوە هەیە، ئالێرەدا میدیا وەکو دەسەڵاتی چوارەم رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، کاریگەری خێرای هەیە بۆ دۆزینەوەی گەندەڵی و بگرە لە کەمکردنەوەی گەندەڵیش.

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی مەرجی سەرەکییە بۆ بوونی شەفافییەت و پیڕەوکردنی حوکمێکی باش و دیموکراسی، سەنگافورەو ئێندەنوسیاو مالیزیاو سلۆفاکیا و چیك و تایوان و وڵاتانی تری پڵنگەکانی ئاسیاو کۆریای باشوور هەر زوو لەپرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریدا رێگایان لەوە گرت کە ئابوورییەکەیان نەکەوێتە زەلکاوی گەندەڵی و رۆتین و مەحسوبییەتەوە بەهاوشێوەی

**ئەو وڵات و هەرێمانەی بەگەندەڵی تێوەگلاون رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری و یارمەتی حکومەتە گەندەڵەکانیان ناکەن**

**لەگەڵ بوونی گەندەڵی بەمشێوە فراوانە، بەڵام دەتوانین رووبەرووی ئەم تەحەددییە گەورەیە ببینەوە**

# ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە پێداویستییەکی سەردەم دادەنرێت و بەبێ میکانیزم لەتوانادا نییە ڕووبەڕووی ببینەوە



**دکتۆر هێژا سندی مامۆستای زانکۆ و شارەزا لەبواری زانستەکانی بیزنس و بەڕێوەبردن :**

زۆر وڵاتی ئەفریقیایی و ئەمەریکای لاتینی و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا کە هەر زوو ئابووری بازاڕ لەو وڵاتانەدا ئەو سیحرە نەبوو کە خۆشگوزەرانی و پێشـــکەوتنی ئابووری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت لەمبارەیەوە بەڕێز دکتۆر خەلیل دەڵێت:
پۆستی سیاسی و سەرکردە کە نوێنەری خەڵکەو دەسەڵاتی بەرزیان هەیە دەتوانن ڕۆڵیان لەپرۆسەی بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵی هەبێت، گەرچی کێشەی سەرەکی ئێســـتای دەسەڵاتی سیاسی بوونی کێشـــە نەتەوەییـــەکان و یەکلاکردنەوەی ململانێیەکانە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو خودی عێراقیش کە تواناو کارێکی جیدی پێویستەو لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی دەسەڵاتی سیاسی دێت، بۆیە من پێم وایە میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا ببینێت لەمبوارەدا.
گۆڕینی کلتووری گەندەڵـــی لەناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بۆتـــە کولتوورێك و کاریگەری لەســـەر ئـــەدای حکومـــەت و کاروچالاکـــی بیزنسکاران کردووە یەکێکە لەو تەوەرە گرنگانەی کە پێویســـتی بەگفتوگۆ هەیـــە، لەئەزموونی وڵاتاندا بەتایبەت لەقۆناغی ڕاگواستنەوەدا ئەم دیاردە مەترســـیدارە زیاتر یەخەی کۆمەڵگاکان دەگرێت زۆر وڵات بەهاوشێوەی چیك و سلۆڤاکیا لە قۆناغی ڕاگوزەردا توانییان بەحوکمڕانییەکی باش و دوور لەگەندەڵییەوە تێپەڕ بن، لەکاتێکدا زۆر وڵاتـــی تر نەیانتوانی ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوەو گەندەڵییەکان بووە کلتوورو کلتوورییەك و دەربازبوون لێی وائاسان نییە، ئەوەتا سۆماڵ و میانمارو عێراق و جیبۆتی کەبەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی شـــەفافییەتی نێودەوڵەتی ڕیزبەندی پێشـــەوەی وڵاتانیان داگیرکردووەو گەندەڵی لەم وڵاتانە بۆتە کلتوورییەك و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، لەبەرامبەریشـــدا نیوزیلاندا لەپێشەنگی ئەو وڵاتانە دێت کە ڕێژەیەکی نزمی گەندەڵییان تێدایـــە، ئەزموونی گەلان ســـەلماندوویانە کە وا دەتوانرێـــت کلتـــووری دژە گەندەڵـــی لەناو ئـــەم کۆمەڵگایانە بـــڵاو بکرێتـــەوە، کەچی بەپێچەوانـــەوە تا دێت گەندەڵی تەشـــەنەدەکات و خەریکە دەبێت کولتوورێك و دەســـتبەردار لێی وائاســـان نییە بەڵام لەهەمـــان کاتدا کارێکی ئاســـتەمیش نییە، بەڕێز دکتۆر هێژا ســـندی مامۆســـتای زانکۆ و پســـپۆر لەبواری بیزنس و بەڕێوەبردن لەمبارەیـــەوە دەڵێت: گەرچی پێم وایە دیاردەی گەندەڵی دیاردەیەکی سروشتییەو بەڕێـــژەی جیـــاواز لەســـەرجەم کۆمەڵگاکان تەشـــەنەی کردووە، هەرواش ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەپێویســـتییەکی ســـەردەم دادەنێم و پێویســـتی بەمیکانیزم هەیـــە، کەلەبوارەکانی یاســـایی و ئیـــداری و کۆمەڵایەتی و ئاینیش کاری بـــۆ بکرێت، چونکە بوونی گەندەڵی کار لەســـەر خراپبوونی ئابووری و شکســـتهێنانی ڕاکێشـــانی وەبەرهێنانی بیانـــی دەکات، بۆیە حکومەتـــەکان مەســـەلەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییـــان لەریزبەندی پێشـــەوەی کارەکانیان دانـــاوە، بەڵام لەهیچ وڵاتێکی دنیادا بەتەواوی بنبڕ نەکراوەو لەگەڵ مرۆڤ دا بەهاوشـــێوەی نەخۆشی بەردەوامە، بەڵام پێویستە دیاردەکە کەم بکرێتەوەو کۆمەڵگا بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانەو شارســـتانییانەو تەندروســـتی ببەیـــت بەڕێوە.
بەڕای من چەسپاندنی یاســـاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی و میدیای راســـتگۆو ئـــازاد دەتوانێت کۆنترۆڵی ئـــەم دیاردەیە بکەن و ئاســـتی ڕێژەی گەندەڵییەکە کەم بکرێتەوە، ئەمەش لەڕێگای هۆشـــیارکردنەوەی تاکەکەس کە مـــاف و ئەرکەکانی خۆی نازانێت،ئایا چی مافێکـــی شارســـتانی هەیە بۆ چەســـپاندنی مـــاف و ئەرکەکانـــی تاکەکەســـی بەتایبەتی لەبواری فەراهەمکردنـــی ئازادی دا، خاڵێکی تـــری گرنگـــی ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگای مەدەنی پێشکەشـــکردنی پرۆژەیـــە، بەڵام ئایا کۆمەڵگای مەدەنی ئێمە هێشـــتا لەو ئاستەیە بزانێت بەچ میکانیزم و پرۆژەیەکی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکان بڕوات؟ کۆمەڵگای مەدەنی ئێمە هێشـــتا بەتەواوەتی بەپیشـــەییانە کاری نەکردووە..

سەبارەت بەرۆڵی پەرلەمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەڕێگای داڕشـــتنەوەی ئەو یاســـاو تەشـــریعاتە قانوونیانەی کە کاریگەری لەسەر گۆڕینی کلتـــووری گەندەڵی بە کلتووری دژە گەندەڵـــی هەیـــە دکتۆر هێژا ســـندی دەڵێت:
پێویســـتە ڕەچاوی واقیعی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردســـتان بکەین کـــە بەقۆناغێکی ڕاگواســـتنەوە تێپەڕ دەبێت، ململانێی سیاسی لەناو پەرلەمـــان لەڕوویەکەوە کارێکی باشـــەو ململانێیەکی شارستانییانەیە و ئاساییە، دەکرێت لەوچوارچێوەیەدا خاوەنی پرۆژەو ڕاگۆڕینەوەی جیاواز بین و بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵیش سەرجەم کوتلە سیاسییەکان با خاوەنی پرۆژەی زانستی و ڕێکوپێـــك بن . چونکـــە لەکۆتاییدا هەموو ڕەخنەو پێشـــنیارو بۆچوونەکان دەبێت لەخزمەت بەرەوپێشچوونی واقیعە سیاسییەکەو ئابوورییەکە بێت و ڕووبەڕووی هەموو دیاردەو کێشـــەیەکی خراپی ئابووری ببینەوە لەپێشەنگیانەوە دیاردەی گەندەڵی کە بەشـــێوەیەکی بەرچاو لەناوچەکەدا ڕوو لە هەڵکشانە، زۆرجار لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کەرتی گشـــتی ڕوو لەدامەزراوەکان دەکات بۆ ئەوەی چەمکـــی ماف و ئەرکەکان لـــەم دامەزراوانـــەدا بچەســـپێت و ڕێگریـــش بێت لە ناشـــەفافییەت و ڕۆڵی لە پرۆســـەی هۆشـــیارکردنەوەی کۆمەڵـــگا هەبێت، زۆرجار دامەزراوەکان ڕێژەی گەندەڵی بەدوو شێوە دیاری دەکەن یەکەمیان لەڕێگای ڕاپرسییەوە بەمەرجێك تاکەکەس لەچەمکی گەندەڵی تێگەیشـــتبن کە چی جۆرێکە، شـــێوازی دووەمیـــش بەژمارە واتـــا بە ئامارو داتاو زانیاری، کێشـــەکە لێرەدا لەوەدایە زانیارییەکان شەفاف نین و زۆر دەزگاو دامەزراوە ڕێ نادات ســـەرەداوی زانیارییەکانی ڕاگەیەنێت، گرنگ لێرەدا ئەوەیە گەر بمانەوێت ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە پێویستە تاکەکەس لەکۆمەڵگای کراوەدا بزانێت چۆن بەپراکتیکی مومارەسەی مافی خۆی دەکات و لەپرۆسەی دیموکراتیدا ماف و ئەرکەکان و لێپرســـینەوەش هەبێت، بەڵام هێشـــتا تاکەکەس ســـەرچاوەی دەستکەوتنی زانیارییەکانی کەمە بۆیە ناتوانێت ببێتە بنەمایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.
ســـەبارەت بەپێناســـەی فەســـادو ئایا تاچەند لەهەرێمی کوردســـتان دیاردەی گەندەڵی هەیەو شوێنەوارەکانی لەســـەر دوارۆژی ئەم هەرێمە چییە ؟ **کامەران شـــێخ عوســـمان ئابووریناس و مامۆســـتای زانکۆی ســـلێمانی بەمشێوەیە وەڵامی پرســـیارەکانی داینـــەوە:** (کاتێك لەناو کۆمەڵگا ماف و ئەرکەکان ناهاوسانگی تێکەوت ئەوا سیستەمێکی ئابوورییانەو دادپەروەری تێك دەچێت بەشـــێوەیەك هەندێك کەس دەستکەوتی زیاتر دەبێت ئەمەش لەســـەر حسابی خەڵکانی تـــر. زۆرجاریـــش گەندەڵی بەواتا شـــمولی و

**هەموو پیاوو ئافرەت و منداڵێک ئەو مافەیان هەیە بەبەرزترین ئاست و بەنەزیهی حوکمڕانی بکرێن**

**کاتێک یاسا لاواز دەبێت ئابووریش ڕوو لەخراپی دەکات و دیاردەی گەندەڵی بچووک و گەورەی لێدەکەوێتەوە**



**هەڤاڵ ساحیب قەران سەرۆکی یەکێتی خاوەن کاران لەسلێمانی:**

# نەبوونی شەفافییەت لەدامودەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەتی گەورەترین ئاستەنگە لەبەردەم کەمکردنەوەی ڕێژەی گەندەڵی

توانایەکی باشی دەوێت. بۆ نموونە گەندەڵی کارگێڕی بە مەترسییەکی گەورە دادەنرێت و وەکو مۆرانەیەك وایە زیانی گەورەی بەمرۆڤەکان دەگەیەنێت و متمانە لەنێوان فەرمانبەران و هاوڵاتی لێدەکەوێتەوە. بەگشتی دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە گەندەڵی کۆبکرێتەوەو هەر لەم ڕێگایەشەوە دەکرێت هەوڵی چارەسەرکردنی گەندەڵی بدرێت:( بەرتیل، مەحسوبییەت، واسیتە، دزیکردن، ئیستغلالکردنی پۆستی وەزیفی، ساختەکاری ..)

گەندەڵی شوێنەواری خراپی لەسەر ئابووری و کۆمەڵگاکان بەجێهشتووە، تەنانەت بانکی نێودەوڵەتی گەندەڵی بەگەورەترین ئاستەنگی بەردەم پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی داناوە، کە بەو هۆیەوە ملیۆنەها کەس دووچاری هەژاری بوون، هەر بۆیە ڕێگاگرتن و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بووەتە کارێکی پێویست. کەرتی تایبەت لەمەترسییەکانی تەشەنەکردنی گەندەڵی دوور نین بۆ زیاتر باسکردنی ئەم بوارە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەڤاڵ ساحیب قەران سەرۆکی یەکێتی خاوەن کاران لەسلێمانی کردوو لێمان پرسی ئایا

فراوانەکەی ئەوەیە کە هەندێك کەس ملکەچ نابن بۆ یاساو جێبەجێکردنی ئەو دیاردەیەی لێدەکەوێتەوە کە کەسە دەستڕۆیشتووەکان خۆیان لەسەروو یاساوە دەبینن. تاکو گەندەڵی زیاد بێت و سنووری فراوان بێت هەستکردن بەنادادپەروەری و زوڵم لەو کۆمەڵگایە زیاتر دەبێت . ئەمەش لەناو کۆمەڵگادا نایەکسانی و نادادپەروەری لێدەکەوێتەوە. سەرجەم گەندەڵییەکان چ سیاسی بێت یاخود یاسایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دارایی و نەختینەیی یا گەندەڵی کلتووری بێت، هەریەکەیان توێژینەوەی زانستی جۆراوجۆری پێویستە، ئەمجۆرە گەندەڵییەش لەسەرجەم وڵاتانی دنیا بەربڵاوە، بۆنموونە بەشێکی گەورە لەبودجەی گشتی ئەمەریکا بۆ بواری گەندەڵی دەڕوات، لە ٤٪ی هەموو بودجەی وڵاتانی ئەوروپا بە گەندەڵی بەفیڕۆ دەڕوات و لەوڵاتانی ئاسیا زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر رووی لەهەڵکشان کردووە بۆنموونە ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ڕێژەی گەندەڵی لە وڵاتی قەتەر بە ٦٪ی داناوە لەکاتێکدا لە ئیمارات لە ٧٪ بەداخەوە عێراق بەرزترین ڕێژەی گەندەڵی هەیە لەناو وڵاتانی ئاسیادا ڕێژەیەکی پێوانەیی تۆمارکردووەو تەنانەت لەناو وڵاتانی جیهاندا ناوی عێراق لەپێش جیبۆتی دێت و سێیەمین وڵاتیشە لەدوای سۆماڵ و میانمار کە توانیویانە رووبەرووی گەندەڵیی ببنەوە، لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش ڕێژەیەك گەندەڵی هەیە بۆنموونە کوڕەکەی کۆفی ئەنانی سەرۆکی کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەسەلەی گەندەڵی بەشەخۆراکی هاووڵاتییان لەزەمەنی گەمارۆی ئابووری سەر عێراقدا تێوەگلابوو. لەلایەکی دیکەوە لەدوای ساڵانی ٢٠٠٣ و هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بۆ عێراق ئاستی گەندەڵییەکان فراوانتر بوو کە دەکرێت ئەم حاڵەتە بگەڕێنینەوە بۆ بوونی ئەو بۆشاییە سیاسی و ئابووری و ئیدارییەی کە ئێستاکە باجەکەی لەلایەن دانیشتوانی عێراق و کوردستانەوە دەدرێتەوە.

**سەبارەت بەچۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان مامۆستا کامەران بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەشی داینەوە:** (لەگەڵ بوونی گەندەڵی بەمشێوە فراوانە بەڵام دەتوانین رووبەرووی ئەم تەحەدییە ببینەوە، بەمەرجێك کەلێن و بۆشایی سیاسی عێراق کەمبکرێتەوە، کە پریشکی گەندەڵییەکە بەر دامودەزگاو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتووە، ئەرکی سەرشانی پیاوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە هەوڵی ئەوە بدەن چارەسەرێکی گونجاوو زانستی بدۆزنەوە، ئەمەش لەڕێگای گەڕان بەدوای چارەسەرکردنی گەندەڵی کە ئیرادەیەکی بەهێزو دەکرێت لەهەرێمی کوردستان رووبەرووی گەندەڵی ببینەوەو ئاسەوارە خراپەکانی لەسەر گەشەکردنی کەرتی تایبەت کەم بکەینەوە لەوەڵامدا وتی: کێشەو گرفتی گەندەڵی بووەتە دیاردەیەکی جیهانی و شوێنەواری مەترسی لەسەر پەرەپێدانی ئابووری هەیەو دەبێتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئابووری بازاڕ، بۆیە بۆ رووبەرووبوونەوەو بنبڕکردنی گەندەڵی پێویست بەوە دەکات ببینە خاوەنی بەرنامەیەکی ئابووری کورتخایەن و درێژخایەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی گەندەڵی چووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کەرتی حکومی و تایبەتیش دووچاری ئەم کێشەیە بوون، بوونی ئیرادەو نییەتێکی راستەقینە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی مەرجێکی سەرەکییە لەسەرکەوتنمان لەجەنگی دژە گەندەڵی. تەشەنەکردنی گەندەڵی لەناو کەرتی گشتی وەکو دەردێك وایە هەر زوو دەگوازرێتەوە ناو کەرتی تایبەت و کاروچالاکی ئابوورییانەی کەرتەکە رادەوەستێت و دووچاری ئیفلیجبوون دەبێتەوە. سەرۆکی یەکێتی خاوەن کاران لەسلێمانی پێی وایە : لەسەرجەم وڵاتانی جیهان دامودەزگای پێشکەوتوو هەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی بەڵام لەمە باشتر گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەیە کە پێش کەوتنەوەو تەشەنەکردنی گەندەڵییەکە یاساو ڕێنمایی و کاروکردەوەی وا جێبەجێ دەکرێت کە تاك ئاراستەی ئەو بارودۆخە ناهەموارە نەبێت و گەندەڵی قەڵاچۆ دەکرێت.

شوێنەوارەکانی گەندەڵی لەسەر دیموکراتییەت و حوکمڕانی باش و لێهاتوو بەخراپ هەیە، بۆیە حکومەتەکان لەڕێگای شەفافییەتەوە ڕێگا لە زیادبوونی ڕێژەی گەندەڵییەکە دەگرن و دواتر رۆڵی میدیایەکی راستگۆو ئازاد دێت لەچاودێریکردنی بارودۆخەکە، نەبوونی شەفافییەت لەدامودەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەتی گەورەترین کێشەیە لەبەردەم کەمکردنەوەی ڕێژەی گەندەڵی . لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دواکەوتوو گرنگیان پێ نەدراوە تاوەکو هاوکاری حکومەت بن لە بنبڕکردنی گەندەڵی . لەدرێژەی قسەکانی بەڕێزی پێی وابوو حکومەتێك نییەت و ئیرادەیەکی بەهێزی نەبێت بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و تەحەدداکردنی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرەکان ئەوا مومکین نییە بتوانێت لەپرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی بۆ پێشەوە بچێت، بۆ ئەمەش پێویستمان بەبڕیارێکی بوێری سیاسی هەیە کە لەبەرزترین ئاستدا ئەم بڕیارە دەربکرێت و بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان و ئابووری دابەزێتە خوارەوە.

**کامەران شێخ عوسمان: تاکو گەندەڵی زیاد بێت و سنووری فراوان بێت هەستکردن بەنادادپەروەری و زوڵم لەو کۆمەڵگایە زیاتر دەبێت**

**بەڕێژەی٥٣٪ ی بودجەی وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندی بەگەندەڵی بەهەدەردەچێت**




لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761